# ڕۆڵی بەها پەروەردەییەکان
# لە بەرهەمەکانی (جەمال گردەسۆری)دا

**پ. د. مەولود ئیبراهیم حەسەن**
کۆلیژی زمان، بەشی کوردی
زانکۆی سەلاحەددین/هەولێر
maulud.hassan@su.edu.krd

**پەیمان عومەر حەسەن**
قوتابی ماستەر لە زمانی کوردی،
زانکۆی سەلاحەددین/هەولێر
paymanomar574@yahoo.com

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە باس لە (ڕۆڵی بەها پەروەردەییەکان لە بەرهەمەکانی جەمال گردەسۆری)دا دەکات. لە بەشی تیۆریدا، توێژینەوەکە تیشک دەخاتە سەر دوو لایەن ئەمانیش پێناسەکردنی هەندێ لە چەمک و زاراوەکان لەوانەش پێناسەی (ئەدەب، منداڵ، ئەدەبی منداڵان)، لە لایەنەکەی دیکەش باس لە پەیامە پەروەردەییەکانی منداڵ دەکات کەوا جەمال گردەسۆری لە نووسینی شیعرەکانیدا ئاراستەی منداڵانی کردوون لەپێناو خزمەتکردن بە منداڵان و جیهانی ئەدەبی منداڵان. ئەرگیومێنتی سەرەکی ئەو توێژینەوەیە بریتییە لە باسکردنی گرنگیی بەها پەروەردەییەکان لە بەرهەمەکانی جەمال گردەسۆریدا بۆ سەر منداڵان بەدیاریکراوی لەڕووی بەهێزکردنی لایەنی (ئایینی، نیشتیمانی، ڕۆشنبیری، ڕەوشت، وەرزش)ەوە. دەرئەنجامی ئەو توێژینەوەیە دەریدەخات کە ئەدەبی منداڵان کاریگەرییەکی زۆری لەسەر ئاراستەکردنی منداڵان هەیە بەرەو چاکی و ڕەوشت بەرزی، هەروەک ڕۆڵێکی سەرەکییان هەبووە لە پێشخستنی توانستی منداڵان و پەروەدە و فێرکردنیانەوە.

**وشە سەرەکییەکان:** منداڵ، ئەدەبی منداڵان، شیعر، پەروەردە.

**پێشەکی:**

**ناونیشانی توێژینەوەکە:**

ناونیشانی توێژینەوەکە بریتییە لە (ڕۆڵی بەها پەروەردەییەکان لە بەرهەمەکانی جەمال گردەسۆری)دا.

**ڕێبازی توێژینەوەکە:**

بۆ گەیشتن بەئامانجەکانی توێژینەوەکە پەیڕەوی میتۆدی (وەسفی- شیکاری) کراوە لەگەڵ خستنەڕووی لایەنە تیۆرییەکە لەپاڵ ئەو لایەنەش لایەنی شیکاری و پڕاکتیکی پەیامە پەروەردەییەکانی جەمال گردەسۆری لەڕووی ئایینی، نیشتیمانی، خوێندن و ڕۆشنبیری، ڕەوشت و وەرزشەوە خراونەتە بەرباس و شیکردنەوە.

**هۆی هەڵبژاردنی توێژینەوەکە:**

هۆی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە دەگەڕێتەوە بۆ هەستکردنمان بە پێویستی لێکۆڵینەوەی لەم جۆرە، چونکە ئەدەبی منداڵان وەکو پێویست گرنگی پێ نەدراوە و خزمەتی شایان بەخۆی نەکراوە.

ئامانج و گرنگی توێژینەوەکە:

ئامانج لەم توێژینەوەیە ئەوەیە کە سەرنجێکی ورد بخەینە سەر بواری ئەدەبی منداڵان و گرنگییان لەنێو ئەدەبی کوردیدا.

**پلان و ناوەڕۆکی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە لە دوو بەشی سەرەکی پێکدێت کە ئەمانەن:

بەشی یەکەم: ئەم بەشە زیاتر بەشێکی تیۆرییە و لەم تەوەرانەی خوارەوە پێکهاتووە:

(پێناسەی ئەدەب، پێناسەی منداڵ، پێناسەی ئەدەبی منداڵان).

بەشی دووەم: ئەم بەشە زیاتر بەشێکی پڕاکتیکییە و باس لە پەیامە پەروەردەییەکانی جەمال گردەسۆری دەکات لەڕووی (ئایینی، نیشتیمانی، خوێندن و ڕۆشنبیری، ڕەوشت, و وەرزش)ەوە.

## بەشی یەکەم

## لەبارەی ئەدەبی منداڵان

### ١.١ پێناسەی ئەدەب

وشەی ئەدەب لەبنەڕەتدا بەواتای (ئاکار و پەروەردەکردن) دێت پاشان ئەو وشەیە لە واتای فەرهەنگییەوە بەرەو واتای زاراوەییەوە چووە.

عەرەبەکان بۆ شیعر و پەخشان زاراوەی ئەدەب (الادب)یان بەکارهێناوە تورکەکان (Turk Edabyat)، فارسەکانیش ئەدەبیات فارسی، ئێمەی کوردیش بۆ ئەم چەمکە وشەی (وێژە، ئەدەب) بەکاردەهێنین.

نووسەرانی دیاری کورد (عەلائەدین سەجادی، مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، شێخ محەمەدی خاڵ، مارف خەزنەدار، عیزەدین مستەفا ڕەسول ... هتد). دەستەواژەی ئەدەبیان بەکارهێناوە.

ئەگەر بمانەوێ پێناسەی (ئەدەب) بکەین، ئەوا ڕووبەڕووی کۆمەڵێک پێناسە دەبینەوە، کە لێکۆڵەرەوان هەریەکەیان لە ڕوانگە و ئەزموونی تایبەتی خۆی و چۆنیەتی تێگەیشتنی پێناسەیان کردووە.

ئەدەب بەگشتی بەلای مامۆستا عەلائەدین سەجادییەوە بەم جۆرە پێناسە کراوە ((ئەدەب ئەو شتە نایابانەیە کە پێشینان هێشتوویانەتەوە و بەجێیان هێشتووە بۆ دوای خۆیان، ئەوانەش وەکو هۆنراوە و پەخشان، پیشەی قەشەنگ و موزیقا و ساز و ئاواز و وێنەی بە پەرداخ)) (سجادی، ١٩٧٨، ٥).

هەندێکی تر بەکورتی پێناسەی ئەدەب دەکەن و دەڵێن: ((ئەدەب ئەو وتە جوان و ئاوازدارو پەخشاندارەیە کە ڕێک و ڕەوان بێ و بتوانێ کار بکاتە سەر سۆزی ئەوانەی کە گوێیان لێ دەبێ)) (ابولسعد، ١٩٩٤، ٢٧).

بەلای عەزیز گەردیش ئەدەب ((هەستێکی نازکە لە پەردەی پەڕەکانی دڵەوە سەر هەڵئەدا)). یاخود ((هەستێکە کتوپڕە نووسەر وەری ئەگرێ و دەری ئەبڕێ)) (گەردی، ١٩٧٤، ٥).

بەگوێرەی ئەم پێناسەیە بێت کەواتە ئەدەب تایبەتە بەو پارچە نووسینە هێزدارە یان ئەو هۆنراوە توندوتیژە کە لەناخی دەروونی خاوەنەکەیەوە سۆزێکی هەڵچوو پاڵی داوە و دروستی کردووە. کەوا ئەدەب بەرهەمێکی بیری ئادەمیزادە لە کۆنەوە تائێستاش بەکار ئەبرێ.

بەلای ستیفود برک ((ئەدەب ئەو هەست و سۆز و بیروباوەڕەیە کە لە دڵی زرینگ و هۆشیاران پەروەردە دەبێ و خوێنەر ڕادەکێشێ)) (شوان، ۲۰۱۸، ۹).

عەرەبەکانیش بەشێوەیەکی تر پێناسەیان بۆ ئەدەب کردووە، محەمەد مەندوور دەڵێ: ((ئەدەب بریتییە لە شیعر و پەخشانی هونەری)) (شوان، ۲۰۱۸، ۱۰)، واتە هەرچی کێش و سەروای هەبوو ئەدەب نییە یان شیعر نییە.

ئەوروپییەکان قووڵتر و فراوانتر پێناسەی ئەدەب دەکەن ((ئەدەب بریتییە لە کۆکراوەی کۆمەڵێک کاری نووسراو، بەڵام دەکرێ بچووکتر بکرێتەوە و بەو کارانە دەگوترێت کە لەشێوەی هونەری نووسراون بەتایبەتی پەخشان، نووسینی خەیاڵی (فیکشن)، دراما و شیعر)) (Oxford learner's Dictionaries, 1974, 175).

لەو سەردەمانەی دواییدا، پێناسەی ئەدەب بەرەبەرە فراوانتر بووە بەجۆرێک ئەدەبی زارەکیشی لەخۆگرتووە.

بۆیە دەکرێ بگوترێ کە ئەدەب بریتییە لە میتۆدی تۆمارکردن، چاودێریکردن و گواستنەوەی مەعریفە و خۆشی و شادی، ئەدەب دەتوانێ ڕۆڵی کۆمەڵایەتی، دەروونی ، ڕۆحی و سیاسی بگێڕێ. ئەدەب وەک فۆڕمێکی هونەری، دەکرێ هەندێ نووسراوی ناخەیاڵیش لەخۆبگرێت و ژانرەکانی دیکە بگرێتەخۆ لەوانەش: بایۆگرافیا، یادەوەری ڕۆژانە، یادگاری نامەکان و وتارەکان. لەمیانەی ئەو پێناسە گشتگیرەی هەیەتی، دەکرێ ئەدەب کتێبگەلێکی ناخەیاڵییش لەخۆبگرێت. هەروەها گوتار و زانیاریی چاپکراو لەسەر بابەتێکی دیاریکراودا (Kenneth Rexroth, 1929).

کەواتە ئەدەب بەگشتی: ئەو وتە نایابانەیە، کە بەخوێندنەوەیان یان بە بیستنیان مانای جوان بەبەر خەیاڵی مرۆڤدا دەکەن و سۆزی ناسک و چێژی پێ دەبەخشن، ئیتر ئەو وتە نایابانەش لەشێوازی هۆنراوە و شیعردابن، یان پەخشان بەدەربڕینی زارەکی بن یان بەنووسین و خوێندنەوە.

### ۲.۱ پێناسەی منداڵ

منداڵان کە بەردی بناغەی کۆمەڵانن، هیوا و ئومێدی گەلانن، گرنگترین سامان و سەرمایەی وڵاتن لە سامانی نەوت و زێڕیش زۆر بەنرختر و گرنگترن، منداڵانمان تۆی ژیان و مانمانن. دەڕوێن و شین دەبن، ساڵ لەدوای ساڵ گەورەتر دەبن، دەبنە نەمامی تەڕ و ناسکی هیوامان، تا زیاتر بایەخ بەم شلکە نەمامانەی ئەمڕۆمان بدەین تا زیاتر خزمەتیان بکەین و، داهاتوویان لەبەرچاو بگرین، جوانتر دەڕسکێن و باشتر چرۆ و گەڵا دەکەن، نایابتر بەر دەدەن، دەبنە کەڵەداری بەهێز و ڕەگ داکوتراو، دەتوانن لەبەر لێزمە و ڕەهێڵە و ڕەشەبا و زریان و تۆفانی ڕۆژگارە سەختەکاندا خۆیان ڕابگرن و هەڵنەتەکێن، بۆیە پێویستە بە ئەوپەڕی دڵسۆزی و زانایییەوە، بە ئەوپەڕی بەرپرسێتی و دوور ئەندێشەییەوە بایەخ بە پەروەردەکردنی منداڵان بدرێت، چونکە منداڵ لە هەموو سەردەمێکدا هێمای بێتاوانی و پاکی و خێر و ڕاستی و جوانییە. منداڵ هەمیشە چرای ڕووناکی و جوانی ماڵەکانن، جاڕنامەی گەردوونی مافەکانی منداڵان کە لەساڵی (١٩٨٩)ی زایینیدا لەلایەن (١٩١) وڵاتەوە واژوو کرا و چووە بواری جێبەجێکردنەوە، لە بەندی یەکەمی ئەم جاڕنامەیەدا، وەکو پێوەر و ستانداردێکی جیهانی بەم جۆرە پێناسەی منداڵ دەکات: ((منداڵ کچ و کوڕ – ئەو مرۆڤەیە کە تەمەنی لە هەژدە ساڵ تێنەپەڕێت، مەگەر یاسا و وڵاتەکەی تەمەنێکی دیکەی بۆ دیاری کردبێت)) (فەرهادی، ٢٠١٣، ٧).

هەر لە بەندی یەکەمی ئەم جاڕنامەیەدا، جەخت لەسەر ئەوە کراوەتەوە، کە نابێت جیاوازی لەنێوان منداڵاندا بکرێت، بەبێ جیاوازی هەموو منداڵێک وەکو یەک دەبێت هەموو مافێکی هەبێت، منداڵ هەر منداڵە، گەر لە ئەمریکا لەدایک بێت یان لە چین یان لە کوردستان یان ئەڵمانیا... هتد.

یەکێکی تر بەم جۆرە پێناسەی منداڵ دەکات و دەڵێت: ((منداڵان ئەو مرۆڤە دڵ بێگەرد و پاکانەن، کە هەستیان لە پەڕەی گوڵ ناسکترن، دڵیان لە بەفری لووتکەی سەر چیاکان پاکترن، دەروونیان لە ئاوی ڕوونی کانیاوی کوێستانەکان

ڕوونترن، منداڵان لە بێچووی هەموو گیانەوەرەکانی کەش جوانکیلەترن)) (شوان، ٢٠١٥، ٦).

منداڵان هەمیشە دڵیان پاکە و هەستیان ناسکە بۆیە پێویستە هەمیشە چاودێری بکرێن لەڕووی پەروەردەییەوە، بەپێی قۆناغی تەمەنیان گفتوگۆ و هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا بکەین بەڕێگایەکی پەروەردەیی و زانیارییانە بیر و هەستیان فراوان بکەین.

تۆڵستۆی دەڵێت: ((منداڵ لە هەموو سەردەمێکدا، هێمای بێتاوانی و پاکی و خێر و ڕاستی و جوانییە، منداڵان بێوەی و بێتاوانن، سادە و ساویلکە و ساکارن، نیاز پاکن و دڵیان پڕە لە سۆز و خۆشەویستی، ڕاستاڵ و ڕاشکاون و درۆ و فرت و فێڵ و تەفرەدان نازانن، خۆشبڕوان و پێچ و پەنایان نییە ئەوەی لە دڵیاندایە هەر ئەو قسانەن کە لەسەر زمانیاندان)) (شوان، ٢٠١٥، ٦)، لەم پێناسەیە دەردەکەوێت کە منداڵان تووڕەیی و ڕق و کینە و بوغز لەدڵیاندا نییە و هەمیشە لێبوردەن و تۆڵە و دوژمنایەتی نازانن، ئاشتیخوازن و پێکەوە دەسازێن، پێکەوە یاری دەکەن و پێدەکەنن، بۆیە کورد هەمیشە دەڵێ قسەی ڕاست لە منداڵ یا لە شێت ببیستن.

لە ڕووی بایۆگرافییەوە، منداڵ ((بریتییە لەو بوونەوەرەی کە لە تەمەنی لەنێوان لەدایکبوون و هەرزەکاریدایە، یان لەنێوان لەماوەی گەشەسەندنی مەلۆتکەیی تاکو گەیشتن بە هەرزەکاری)) (Dictionary of Medicines, 2013, 345).

**٣.١ پێناسەی ئەدەبی منداڵان**

ئەدەبی منداڵان کە تایبەتە بەمنداڵانەوە بەشێکی گرینگە لە ئەدەبی گشتی، ئەدەبی منداڵان گرینگترین کۆڵەگەیە لە کۆڵەگەکانی ڕۆشنبیری منداڵان، گرینگترین سەرچاوە و لق و ڕووبارە لە ڕۆشنبیری منداڵان.

لێکۆڵەرەوان و نووسەرانی بواری ئەدەبی منداڵان هەریەکەیان لەڕوانگە و ئەزموونی تایبەتی خۆی و چۆنیەتی تێگەیشتنی لە ئەدەبی منداڵان هەریەکەو بەجۆرێک پێناسەی ئەو ئەدەبەیان کردووە.

د. محمد علی الهرفی پێناسەی ئەدەبی منداڵانی بەم شێوەیە کردووە: ((پێکهاتەیەکی زمانی هونەرییە، جۆرێکی ئەدەبییە لە چیرۆک یا شیعری شانۆیی بێ یان گۆرانی نووسەر لە چوارچێوەی سروشتی و ئەرکی ئەدەبدا بەشێوازێکی جوان پێشکەشی دەکات و پەیوەست و یەکانگیرە لەگەڵ جیهانی منداڵێتیدا)) (الهرفي، ١٩٩٦، ١٦).

لە ڕوانگەی ئەم پێناسەیەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ئەم جۆرە ئەدەبە لەو لایەنەوە کە دەڵێ لە چوارچێوەی ئەرکی ئەدەبدا لەگەڵ ئەدەبی گەوراندا یەک دەگرنەوە لە هەمان کاتدا تایبەتمەندێتی بەجیهانی منداڵیشەوە هەیە.

لە پێناسەیەکی تردا ((ئەدەبی منداڵان لەو بەرهەمە زانستی و هونەرییە نووسراوە ساکارانە پێکدێت کە تایبەت و ڕاستەوخۆ بۆ ئەوان نووسراون. هەروەها بەشێک لەو نووسینانەش دەگرێتەوە کە بۆ گەورە نووسراون، بەڵام منداڵان دەیانخوێننەوە، بەتایبەتی ئەو بەرهەمانەی کە سەر بەئەدەبی کلاسیکی و بەرهەمی میللیین، ئەمانەش ڕۆڵێکی مەزن لە پەروەردەکردنی جوانیناسانە و ئاکاری منداڵاندا دەگێڕن و شارەزاییان بەرین دەکەن و تێڕوانینیان دەربارەی ژیان لا دروست دەکەن)). (ئەحمەد، ٢٠٠٥، ٦٠).

ئەم پێناسەیە ئەمە دەردەخات کە ئەدەبی منداڵان بریتییە لەو بەرهەمە زانستی و هونەرییەی کە تەنها تایبەت نییە بە منداڵانەوە بەڵکو بەشێکی تەرخانکراوە بۆ گەورانیش، بەڵام منداڵان دەیانخوێننەوە کە ئەمەش وا لە منداڵان دەکات کە شارەزاییەکی زۆر پەیدا بکات و لەڕووی لایەنی پەروەردەییشەوە سوودێکی گەورەی پێبگەیەنێت.

د. محمد محمود رضوان بەم شێوەیە پێناسەی ئەدەبی منداڵان دەکات: ((ئەدەبی منداڵان ئەو ئاخاوتنە چاکەیە کە خۆشی بەدەروونی منداڵ دەگەیەنێ شیعر بێ یان پەخشان، سەر زارەکی بێ یان نووسراو. هەر ئەم چەمکە چیرۆکی منداڵان و شانۆ و سروودەکانیش دەگرێتەوە)) (رضوان، ١٩٨٩، ٨).

بەپێی ئەم پێناسەیە مەرجی خۆشی بەخشین کراوە بەپێوانە بۆ ناسینی ئەدەبی منداڵ کە ڕاستییەکەی ئەمە تەنها لایەنێکە لە تایبەتمەندییەکانی ئەدەبی منداڵ کە پێویست بوو لایەنەکانی تریشی دەستنیشان بکردایە وەک دروستبوونی جۆرێکی دیاریکراوی ڕۆشنبیری و ڕەوشت و ڕێنمایی.

د. علی اکبر شعاری نژاد دەڵێت: ((ئەدەبی منداڵ بریتییە لە چۆنییەتی دەربڕین و دەرخستنی هەست و سۆز و بیر بەهۆی وشەوە لەشێوە و وێنەی جیاوازدا وەک دارشتن و دواندن و پەخشان و هۆنراوە بەمەبەستی پێگەیاندن و چێژ و خۆشی بەخشین بەمنداڵ)) (نسب، ١٩٩٢، ٣٨).

ئەم پێناسەیەش هەندێ لایەنی ئەدەبی منداڵی ڕوون کردۆتەوە کە دەربڕینی هەست و سۆز و بیرە بەهۆی وشەوە جۆری ئەدەبی جیاواز و مەبەستی چێژ و خۆشی بەخشین و لە هەموویان گرینگتر پێگەیاندنی منداڵە.

نووسەرێکی تری بواری ئەدەبی منداڵان بەجۆرێکی تر پێناسەی ئەدەبی منداڵان دەکات و دەڵێت: ((ئەدەبی منداڵان بریتییە لەو بەرهەمە ئەدەبییانەی کە لەگەڵ بیر و هەست و مێشک و تێگەیشتنی منداڵدا دەگونجێ. کە لە شێوەی شیعر، چیرۆک، شانۆ، گۆرانی و وتاردا دەخرێتەڕوو، یاخود بریتییە لە بەرهەمی ئەدەبی منداڵان بە بەرجەستەکردنی ئارەزوو و خولیا و پێگەیاندنی چێژ و خۆشی بەخشین)) (ڕەؤف، ٢٠١٥، ٨).

ئەم پێناسەیە ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە ئەدەبی منداڵان پێکهاتووە لە کۆمەڵێک بەرهەمی ئەدەبی کە لەگەڵ بیر و هەست و مێشک و تێگەیشتنی منداڵاندا دەگونجێ کە هەموویان بۆ بەرجەستەکردنی ئارەزوو و خولیا و پێگەیاندنی چێژ و خۆشی بەخشینە بەمنداڵ.

لە پێناسەیەکی تری ئەدەبی منداڵاندا: ((ئەدەبی منداڵان بریتییە لەو هونەر و ئەدەبەی لەسەر شێوەی بیستراو، دەربڕاو (منطوق)، بینراو، هەروەها لەوانەیە لەسەر شێوەی چیرۆک یان شانۆ دابڕێژرێت، یان لەسەر شێوەی چیرۆکی سەرکێشی (مغامرات) و قارەمانێتی یان چیرۆکی مێژوویی، سروود و گۆرانی، کە لێرەدا منداڵان

خۆشی و چێژی لێ وەردەگرن. ئەمەش دەبێتە هۆی گەیاندنی پەیامی جوانی و پەروەردەیی وەکو هەموو هونەرەکانی تر)) (أحمد، ٢٠١٨، ٨).

ئەم پێناسەیە ئەوە دەردەخات کە ئەدەبی منداڵان بەگشتی چێژ و خۆشی بەمنداڵ دەبەخشێ کە ئەمەش پەیامێکی پەروەردەیی جوانە بۆ منداڵان وەکو هەموو هونەرەکانی تر ئەدەبی منداڵان ((ئەو بەرهەمانەیە کە هەست و سۆزی منداڵان بەرەو خۆی کێش دەکات و پێویستییەکانی دابین دەکات)) (شوان، ٢٠١٨، ١١).

هەموو ئەم پێناسانەی کە بۆ ئەدەبی منداڵان کراوە لەم دوو پێناسەیەی خوارەوە یەک دەگرنەوە:

**١- ئەدەبی منداڵان بەو اتا گشتییەکەی ئەمەیە:**

ئەو بەرهەمە زەینییانەیە کە بۆ منداڵان نووسراینەوە لەم فۆرمانە دەردەکەوێ:

ا- کتێب یان نامیلکە بۆ منداڵان چ نووسراو و وێنەدار بێ، چ وێنەداری بێ نووسین.

ب- ئەو کتێبە زانیارییە سادانە کە لەناو پێڕەوی قوتابخانەکاندا بۆ خوێندن و فێربوونی منداڵان نووسراونەتەوە.

ج- ئەو نامیلکە و پەخشاننامانە کە لەلایەن دەزگا پەیوەندارەکانی منداڵانەوە بڵاودەکرێنەوە بەمەبەستی پەروەردە بوونیان و ڕاکێشانی بیریان بەرەو جیهانبینی.

**٢- ئەدەبی منداڵان بە مانا تایبەتییەکەی:**

بریتییە لەو کۆمەڵە وتە جوانانەی کە چێژ و خۆشییەکی پڕ مانا بەدەروونی منداڵان ببەخشن و هۆش و سۆزیان بۆ لای ئەو مانایانە ڕاکێشن، ئیتر ئەو وتانە بەهۆنراوە و شیعر بن یان پەخشان، بە زارەکی و بیستن بێ یان بە خوێندنەوە و نووسین یان بە گۆرانی و سروود و وتاردان بێ. ئەم پێناسەیە، شیعر و چیرۆک و شانۆگەری گۆرانی و سروود و کۆڕاڵەکانی منداڵان و ڕاز و بەیازەکانی بەر ئاگردان و وتار و ئامۆژگاری دەگرێتەوە (هەورامی، ٢٠١٨، ١٥).

## بەشی دووەم

## پەیامە پەروەردەییەکانی جەمال گردەسۆری بۆ منداڵان:

**١- لە ڕووی پەروەردەی ئایینییەوە:**

ئاشکرایە کە شیعری کوردی ئایینی خاوەن ڕەگێکی قووڵ و پتەوە و بۆ سەردەمێکی کۆنی ئەدەبیاتی کوردی دەگەڕێتەوە، دیارە ئەم بیروباوەڕە و دەربڕینی هەستی ئایینی موسڵمانێتی شاعیرانی کورد لە شیعرەکانیان هەر بەردەوام بووە، هاندانی منداڵ بۆ پەیڕەوکردنی دەستوور و یاسای ئایینی ئیسلام و پیادەکردنی ڕێنماییەکانی قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پێغەمبەر (د.خ) لەگەڵ شیعری شاعیراندا بەرجەستەکراوە کە زۆربەیان لەبواری پەروەردەی ڕەوشتی و تەندروستیدا باسیان لێوەکراوە وەکو پاک و خاوێنی و ڕێزی گەورە و باوک و دایک و یارمەتیدانی یەکتری و دوورکەوتنەوە لە درۆ و کاری خراپە و ڕەفتاری نابەجێ و قسەی ناشیرین و هاندانیان بۆ کاری چاکە و ڕەفتاری جوان و هەوڵ و تێکۆشان، جەمال گردەسۆری لەبەر ئەوەی شاعیرێکی موسڵمان بووە، هەمیشە لە شیعرە ئایینییەکانی ئەوەی بۆ منداڵ دەرخستووە کە منداڵان پابەندی بنەما و کۆڵەگەکانی ئایینی ئیسلام بن و لەڕێگەی شیعرەکانییەوە بۆ منداڵان ئامۆژگاری منداڵانی کردووە کە پابەندی ئەم ئایینە پیرۆزە بن، چۆنیەتی فێربوونی نوێژکردن و دەستنوێژ و ڕۆژووگرتن و گرنگی و بایەخی ئایینی ئیسلام لەژیانی ڕۆژانە و ئایندەی منداڵ ڕوون دەکاتەوە، جەمال گردەسۆری وەک شاعیرێکی ئەم ڕێبازە کۆمەڵە شیعرێکی سەبارەت بەچۆنیەتی پەیڕەوکردنی بنەماکانی ئایینی ئیسلام بۆ منداڵان نووسیوە، شاعیر مرۆڤێکی موسوڵمانە و پابەندە بە ئایینی ئیسلام، بۆیە دەیەوێ منداڵانیش لەسەر ڕێبازی ئیسلام پەروەردە بکات و لە سەرەتای ژیانیانەوە تاک و تەنیایی خوای گەورەیان پێ بناسێنێت. شاعیر لە شیعری (سوورەتی ئیخلاس)دا، باسی ئەو سوورەتە کورتە (٤) ئایەتییە دەکات، کە لە کۆتایی جزووی (عەممە)دایە و، لەناو خەڵکی بەسوورەتی (قل هو الله) ناسراوە. ئەم سوورەتە کورتە باسی تاکو تەنیایی و هەندێک لە سیفەتەکانی

خوای گەورە دەکات و دەڵێت خوا تاک و تەنیا و بێ هاوەڵ و هاوتایە، پایەدار و بەدەسەڵاتە، دەتوانێت ناخۆشی مرۆڤ لابات و داخوازییەکانی جێبەجێ بکات، ئەو خوایە هیچ کەسی لێ نەبووە و لەهیچ کەسیش نەبووە، هیچ کەسێش هاوشێوەی ئەو نییە و ناتوانێت هاوشانی بێت و لە بەرامبەریدا بوەستێت. پێغەمبەر (د.خ) ئەم سوورەتەی بە سێیەکی قورئان داناوە، چونکە ئەوەی بیخوێنێ و باوەڕی پێی هەبێت بە خواپەرست دادەنرێت.

**سوورەتی ئیخلاس گەلێک گەورەیە**

**برام بیخوێنە، سوودی بۆت هەیە**

**ئەگەر تۆ هات و بە دڵ بیخوێنی**

**خۆشبەختی ئێستا و دوارۆژ دەبینی**

**وتەی موحەمەد (د.خ) ڕاست و ڕەوانە**

**سوورەتی ئیخلاس سێیەکی قورئانە**

**لەبۆت ڕوون دەبێ کە خودا تاکە**

**دە هەستە برا، زووکە، خێراکە**

**تا خۆشەویست بی لەلای خودای تاک** (گردەسۆری، ٢٠٠٩، ٢٥)

ڕێگای ڕاست لای شاعیر ڕێگای ئایینی ئیسلامە، بۆیە داوا لە منداڵان دەکات ئەو ڕێگایە بگرن و بەپێی ڕێنماییەکانی قورئانی پیرۆز هەڵسوکەوت بکەن، چونکە گرتنەبەری ئەو ڕێگایە، شادی بە مرۆڤ دەبەخشێت و خۆشبەختی دەکات.

**هەموو دەزانین دەمرین**

**با ڕێگای ڕاستی بگرین**

**قورئان بکەین بەرێمان**

**شادی دەبەخشێ پێمان**

**هەمووی ئامۆژگارییە**

**خۆشبەختی و ئینسانییە**
**بکەین سوپاسی خودا**
**قورئانی بە ئێمە دا** (گردەسۆری، ٢٠٠٩، ٢٢)

**٢- لە ڕووی پەروەردەی نیشتیمانییەوە:**

ئەگەر شیعری نیشتیمانی لە ئەدەبی کوردیدا بەشێوازێکی سادە و ساکار دەستی پێکردبێ ئەوا دوای کۆتاییهاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی و لە ئاکامی ئەو بارە خراپەی ژیانی میللەتی کورد پێیدا تێدەپەڕێ لە بەتاڵانبردنی سەر و سامان و کوشتن و بڕین و پێشێلکردنی مافەکانی، ئەم جۆرە شیعرە لەبەر پێویستی بارودۆخی نەتەوە و نیشتیمانی کورد ڕووی لە فراوانی کردووە و شاعیران بە شیعرەکانیان هەست و خەم و پەژارەی خۆیان و نیشتیمان و نەتەوەکەیان دەردەبڕن، بۆیە مەبەست لە شیعری نیشتیمانی لێرەدا ئەو شیعرەیە کە ئەرکی دەربڕینی خۆشەویستی و دڵسۆزی و خەمی شاعیر بەرامبەر بەخاک و وڵاتەکەی کە تیایدا لەدایک بووە و ژیاوە لەگەڵ کۆمەڵە کەسانێک کە یەک هەستی ئایینی و نەتەوە و داب و نەریتی کۆمەڵایەتی بەیەکەوە دەیانبەستێتەوە دەبینێ: ((شیعری نیشتیمانی بۆخۆی خۆشەویستیی ئەو نیشتیمانە و هەستکردن بەو پەیوەندییە دەروونییە دەگەیەنێت کە هاوڵاتی دەبەستێت پێوەی وای لێدەکات خۆشی بوێ، شانازی پێوە بکات و لەپێناوی قوربانی بدات (فاضل، ١٩٨٩، ٧٠).

جەمال گردەسۆری یەکێکە لەو شاعیرانەی کە هەمیشە خۆشەویستی نیشتیمانی لەدڵدا بووە و بەخاکێکی پیرۆزی داناوە و هەموو شارەکانی بەیەک چاو سەیر کردووە، لە شیعرە نیشتیمانیەکانیدا داوا لەهەموو منداڵێک دەکات کە خاک و نیشتیمان و نەتەوە و شاری خۆیان خۆش بوێت و شانازی پێوە بکەن خۆیان بکەنە قۆچی قوربانی ئەو خاکە، شاعیر لە شیعرێکی بەناوی (کوردستان)دا دەڵێت:

**کوردستان نیشتیمانم**
**خۆشەویستتر لە گیانم**

**لە پێناوت کوردستان**
**بەحەزم دەبەخشم گیان**
**کوردستان نیشتیمانم**
**تۆ نەبی نابێ گیانم**
**بۆیە هەروەک گیانم**
**خۆشەویستی لە ژیانم** (گردەسۆری، ٢٠٢٠، ٣٧)

جەمال گردەسۆری یەکێکە لەو شاعیرانەی کە هەمیشە خاکی کوردستانی لەلا پیرۆز بووە و لەدڵەوە خۆشی ویستووە، شاعیر هەوڵی ئەوەی داوە لەڕێگەی ئەم شیعرەوە منداڵان وابەستەی خاک و نیشتیمان بکات که کوردستان بەنیشتیمانی خۆیان دابنێن و هەمیشە خۆشیان بوێت و گیانیان لەپێناویدا بەخت بکەن. شاعیر لە شیعرێکی تردا بەناوی (کەرکووکی دڵ)دا دەڵێت:

**کەرکووک دڵە بێگومان**
**ئەویش دڵەکەی کوردستان**
**کێ تو انی بەبێ دڵ بژی**
**ئەو کات کوردستان دەژی**
**هەرچەند دوژمن هەوڵدات**
**سەری خۆی لە بەرد دەدات**
**ناتو انێ داگیری کات**
**لەژێر کوردستان لایبات**
**زۆر کوردی دڵسۆز ماوە**
**گیانی خۆی بۆ لاناوە**
**لەپێناو گیان بەخش بێت**
**بێ کەرکووک دڵەکەی نەوێت** (گردەسۆری، ٢٠٢٠، ١٥٣)

شاعیر تەنیا شارەکەی خۆی خۆش نەویستووە کە هەولێرە، بەڵکو کەرکووکیشی بە شاری خۆی داناوە، لە ڕێگەی ئەم شیعرەوە ئەوە بەمنداڵان دەڵێت

کە کەرکووک دڵی کوردستانە و شارێکی کوردستانییە، هەرچەند دوژمنان هەوڵ بدەن ناتوانن ئەم شارە پیرۆزەی کوردستان داگیر بکەن، بۆیە دوژمنان هەوڵەکانیان بێ هوودەیە بۆ داگیرکردنی ئەم شارە و لابردنی لەژێر خاکی کوردستان کە بەخوێنی شەهیدان ئەم خاکە دروست بووە بۆیە داگیرکەران ناتوانن ئەم خاکەمان لەدەست دەربێنن.

**٣- لە ڕووی پەروەردەی خوێندن و ڕۆشنبیرییەوە:**

کۆمەڵگای ڕۆژهەڵات بەشێوەیەکی گشتی بۆ چەندین چەرخ بەدەست هەژاری و نەخوێندەوارییەوە دەیناڵاند، ڕاستکردنەوەی ئەم کارەش لە ئەستۆی شاعیران بووە کە بەقەڵەمەکانیان هانی ڕۆڵەکانیان بدەن بۆ خوێندن و پەروەردەکردن، شاعیرانیش ئاوڕێکی باشیان لە بابەتی خوێندن و ڕۆشنبیری داوەتەوە هەمیشە هاندەرێک بوون بۆ پەروەردەکردنی ڕۆڵەکانی گەل وەک هۆکارێکی گرنگی ڕزگاربوون لەو دیاردانە، شاعیران هەمیشە هەوڵی ئەوەیان داوە کە منداڵانی کورد ئاستی خوێندن و ڕۆشنبیرییان بەرز بکرێتەوە بەزانیاریی بەسوود و گرنگ، پێویستە ئەوەش لەبەرچاو بگرین، کە منداڵانی ئەمڕۆمان وەکو منداڵانی ڕابردوو نین، منداڵانی ئەمڕۆ لەسایەی ئەو پێشکەوتن و داهێنانە سەیرو سەمەرانەی تەکنەلۆژیا لە ئێستادا، بەهۆی زیادبوونی میدیا و گۆڤار و کتێب و ئینتەرنێتەوە لە منداڵانی سەدەی ڕابردوودا چاوکراوەتر و وریاترن و ئاسۆی بیر و هۆشیان فراوانترە، فەرهەنگی وشە و زمانیان دەوڵەمەندترە، پێداویستیەکانیان زیاترن هیوا و خەونەکانیشیان گەورەترن. بۆیە پێویستە گۆڕانکاری لە شێواز و لە هۆیەکانی پەروەردە و فێرکردن و ڕۆشنبیرکردنی منداڵاندا بکرێن، پێویستە کادیرانی پەروەردە و دەروونناسان و مامۆستایانیش لە ئاستی ئەم گۆڕانکاری و پێشکەوتنەدابن، بەرنامەو پرۆگرامەکانی خوێندن و فێرکردن لە ئاستی پێویستی منداڵان و گۆڕانکارییەکانی ئەم سەردەمەدا بن تا منداڵانمان ڕۆشنبیرتر بن، تا زانست و زانیاریی زیاتر وەرگرن، دەتوانن باشتر گوزارشت لە هزر و ناخی خۆیاندا بکەن، بەڵام چوار لایەن هەن کە گەورەترین لایەنی بەرپرسن و زیاتر

کاریگەرییان لە پەروەردەکردن و ڕۆشنبیرکردنی منداڵاندا هەیە ئەوانیش خێزان، قوتابخانە، میدیا، کتێب، ژینگەی کۆمەڵایەتی کە بەکۆڵەگەکانی ڕۆشنبیری منداڵان ناو دەبرێن چونکە منداڵان لە قۆناغەکانی منداڵییاندا، لە سایەی ئەم لایەنانەدا ژیان بەسەر دەبەن بۆیە ڕۆڵی هەریەک لەم لایەنانە، گرنگی و کاریگەریی خۆیان لە پەروەردەکردن و ڕۆشنبیرکردنی منداڵاندا هەیە، ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆیان لەسەر بیر و بۆچوون و هەڵسوکەوتیان و ڕێڕەوی ژیانی ئەمڕۆ و داهاتووی منداڵاندا هەیە، جەمال گردەسۆری وەکو شاعیرێک هەمیشە ویستوویەتی لە ڕێگەی شیعرەکانی ئاستی خوێندن و ڕۆشنبیری منداڵان بەرز بکاتەوە و هانی منداڵانی داوە هەرگیز واز لەخوێندن نەهێنن چونکە وڵاتەکەمان چاوەڕێی نەوەیەکی خوێندەواری وەکو ئێوە دەکات کە بتوانن لە ئایندەدا خزمەتی وڵات بکەن.

جەمال گردەسۆری لە شیعری (قوتابی)دا دەڵێت:

**ئەی قوتابی ئاقڵمەند**
**چینی گەدا و دەوڵەمەند**
**بە دڵپاکی بخوێنە**
**ئامانجت بەدەست بێنە**
**تا لەپێناوی دیاربی**
**لە ژیانت ژیاربی** (گردەسۆری، ٢٠٠٨، ٣٠)

شاعیر لەم شیعرەدا جەخت لەسەر مەسەلەی خوێندن دەکاتەوە و داوا لە هەموو قوتابییەک دەکات بەچینی هەژار و دەوڵەمەندەوە کە بەوپەڕی دڵپاکییەوە بخوێنن تاوەکو بەئامانجەکانی خۆیان بگەن و لە ڕێگەی ئەم خوێندنەوە ببن بەکەسێکی دیاری ناو کۆمەڵگا.

جەمال گردەسۆری هەر لە بواری هاندانی منداڵان بۆ خوێندن لە شیعرێکی تردا بەناوی (مامۆستا)دا دەڵێت:

**ئامۆژگاری مامۆستام**
**بۆتە ئاوات و هیوام**

**هەروتەیەکی ئەو بڵێ**
**من هەردەم دەڵێم بەڵێ**
**ڕێزی لەپێش چاومە**
**هەروەک دایک و باوکمە**
**بەخوێندن بەختیار دەبم**
**لەناو وڵات دیار دەبم** (گردەسۆری، ۲۰۰۱، ۲۳)

شاعیر لەسەر زاری قوتابییەک هانی منداڵان دەدات بۆ خوێندن و چەند ئامۆژگاری و ڕێنماییەکیش دەدات بەمنداڵ، باسی قوتابییەک دەکات کە ئامۆژگاری مامۆستا لەبەر چاو دەگرێت و هەر شتێکی مامۆستا پێی بڵێ ئەو بە (بەڵێ) وەڵامی دەداتەوە. ئەو قوتابییە چۆن ڕێزی دایک و باوکی دەگرێت، ئاواش ڕێز لە مامۆستا دەگرێت، چونکە دەزانێت بەهۆی مامۆستاوە فێری خوێندن دەبێت و بەهۆی خوێندنیشەوە لە دواڕۆژدا دەبێتە مرۆڤێکی دیار و ئەندامێکی سوود بەخشی کۆمەڵگا و وڵاتەکەی.

**٤- لە ڕووی پەروەردەی ڕەوشتەوە:**

ئەدەبی منداڵان ئەدەبێکە منداڵ فێری ڕەوشتی جوان و بەهادار و ئادگاری پەسەند دەکات، هەمیشە منداڵ بەرەو ڕێگایەکی ڕاست و دروست دەبات، جەمال گردەسۆریش وەکو شاعیرێک هەستی بەم لێپرسراوەتییە کردووە بەرامبەر بەمنداڵ بۆیە هەمیشە هەوڵی داوە لەڕێگەی شیعرەکانییەوە ئامۆژگاری و ڕێنمایی منداڵان بکات لە بواری ڕەوشت و چۆنیەتی هەڵسوکەوتیان و هانی منداڵانی داوە بۆ چاکە و ئاکاری جوان و ڕاستگۆیی و ڕێزگرتنی گەورە و گوێڕایەڵی و دوورکەوتنەوە لە هەموو کارێکی خراپە و دزێو و نالەبار و زیان بەخش تا لە دواڕۆژدا کەسایەتییەکی بەهێز و توندوتۆڵیان لێ دەربچێت.

شاعیر لەسەر زاری منداڵێک بەناوی (سۆما) باسی ڕاستگۆیی دەکات ، کە منداڵی ڕاستگۆ هەمیشە لای کەسوکار و هاوڕێکانی خۆشەویستە و هەمیشە بە باشی باسی دەکەن.

**منداڵێکم ناو (سۆما)م**
**خاوەنی ورە و بڕوام**
**لەنێو هاوڕێیەکانم**
**خۆشەویستی هەموویانم**
**چونکە زۆر پاک و ڕاستگۆم**
**ڕێگای ژیانمە پێی دەڕۆم**
**بانگم دەکەن (سۆما) گیان**
**بە جوان تێدەگەی لە ژیان**
**بە چاکە دێنن ناوم** (گردەسۆری، ٢٠١٢، ٣)

شاعیر دەیەوێ منداڵ ڕێز لە دایک و باوک و کەسوکاری بگرێت، گوێڕایەڵیان بێت و لە ژیاندا پێڕەویان بکات. بزانێت باوکی چۆنە و چۆن هەڵسوکەوت دەکات، تاوەکو ئەویش لەسەر ڕێگای ئەو بڕوات.

**هۆ باوکە گیان**
**شەرت بێ باوکە ڕێگەت بگرم**
**تا ئەو ڕۆژەی**
**ئەجەل دێت و ئەمن دەمرم**
**بە ورە و هەست و بڕوام**
**ڕێی ئیسلام ببتە هیوام** (گردەسۆری، ٢٠٠٩، ١٧)

**٥- لە ڕووی پەروەردەی وەرزشییەوە:**

هەمووومان ئەو ڕاستییە دەزانین کە لە جیهاندا بایەخێکی باش بەمنداڵ و وەرزش دەدرێت و جێگا و ڕێگایەکی تایبەتییان بۆ تەرخان کراوە کە تیایدا خولیا و ئارەزووەکانیان تێدا ئەنجام بدەن. کۆمەڵگای کوردیش بەهۆی چەندین فاکتەرەوە تاڕادەیەکی زۆر دوور بووە لەم جۆرە شارستانیەتە، بۆیە منداڵەکانمان بەناچاری یارییان لە شەقام و کۆڵانەکاندا کردووە و خەڵکانیشیان پێ وەڕەس کردووە، بەڵام

لەگەڵ ئەوەشدا منداڵان هەر بەردەوام بوونە لەسەر وەرزشکردن چونکە وەرزشیان بە بەشێکی گرنگ زانیوە بۆ ژیانیان.

جەمال گردەسۆری لە نرخ و بایەخی وەرزش تێگەیشتووە کە بۆ منداڵان چەندە بەسوودە و دەبێتە هۆی تێکەڵاوبوون بەیەکتری و بەیەکگەیشتنی منداڵان کە ئەمەش هۆکارێکە بۆ دروستبوون و پێکهێنانی دیاردەی بەکۆمەڵبوونی منداڵ و پەیدابوونی گرووپ لەنێوانیاندا، بەو هۆیەوە فێری کاری هەرەوەزی و هاریکاری و یاسا دەبن و لەشولاریان جوان و بەهێز دەبێ، لەش ساغ و لە نەخۆشی بەدوور دەبن، لەلایەکی ترەوە فێری بەرەنگاری و سووربوون لەسەر بردنەوە و دۆڕانیان دەکەن، لە سەرووی هەمووشیانەوە منداڵان وەرزش بە بەشێکی گرنگی دەزانن لە ژیانیاندا.

جەمال گردەسۆری لە شیعری (وەرزش)دا ئاوا بۆ منداڵان دەڵێت:

**یاری تۆپێن زۆر خۆشە**
**بۆ سوودی لەش بەخشە**
**دوور دەبین لە نەخۆشی**
**خاوەن کەشێکی گەشی**
**هەریەکەمان وەرزش کەین**
**زۆر هەست بەخۆشی دەکەین**
**ئێمەی منداڵ هەموومان**
**وەرزش پێویستە بۆمان** (گردەسۆری، ٢٠١٤، ٣٣)

شاعیر چاک دەستنیشانی ئەوەی کردووە کە زۆرینەی منداڵ حەز و ئارەزوویان لەگەڵ وەرزشدایە، بەتایبەتی کە زۆربەی منداڵان حەز بەیاری تۆپی پێ دەکەن، شاعیر دەیەوێ لەڕێگای یاری تۆپێن ئەوە بەمنداڵ بڵێ کە یاری تۆپێن یەکێکە لەو یارییە خۆشانەی کە لەڕووی تەندروستییەوە سوودێکی باش بە منداڵ دەگەیەنی و لەشولارێکی جوان بۆ منداڵ دروست دەکات، بەو هۆیەوە منداڵ هەست بەخۆشی دەکات و وەرزش دەکاتە بەرنامەی ژیانی.

شاعیر لە شیعرێکی تردا بەناوی (بووکە شووشەکەم)دا دەڵێت:

**بووکە شووشەکەم جوانە**
**چاوی شینی ئاسمانە**
**لەگەڵمە بەڕۆژو شەو**
**هەربێجگە لە کاتی خەو**
**لەگەڵم دەکا یاری**
**ناکەوینە پەژاری**
**زۆر خۆشەویستە لەلام**
**بۆتە ئاوات و هیوام** (گردەسۆری، ١٩٩٠، ٧)

(بووکە شوشە)ش هەمیشە هاوڕێی منداڵی کچە، کچان پێیان خۆشە بە بەردەوامی بووکە شووشەیان لابێت و یاری لەگەڵدا بکەن کە ئەمەش لە ڕووی وەرزشییەوە خۆشییەک بەمنداڵ دەبەخشێت.

**ئەنجامەکان:**

١- منداڵ گەورەترین و گرنگترین بوونەوەری سەر ڕووی ئەم خاکەن بۆیە بەوریاییەوە مامەڵەی لەگەڵدا کراوە بەتایبەتی لە بواری پەروەردە و فێرکردن.

٢- ئەدەبی منداڵان یەکێکە لەو شێوازە گرنگانەی پەروەردە و پێگەیاندنی منداڵ، هەر میللەتێک بە شێوازی تایبەتی خۆیان گرنگییان بەم ئەدەبە داوە لە ڕوانگەی تایبەتی خۆیانەوە پێناسەی جیاوازیان بۆ کردووە.

٣- بۆ یەکەم جار لە ئەدەبی کوردیدا هەوڵی ئەوەمان داوە کە پەیامە پەروەردەییەکانی تاکە شاعیرێک لە شیعرەکانیدا وەربگرین و پۆلینی بکەین کە ئەمانەی خوارەوەی لەخۆ گرتووە: (لەڕووی پەروەردەی ئایینییەوە، لەڕووی پەروەردەی نیشتیمانییەوە، لەڕووی پەروەردەی خوێندن و ڕۆشنبیرییەوە، لەڕووی پەروەردەی ڕەوشتەوە، و لەڕووی پەروەردەی وەرزشەوە).

٤- جەمال گردەسۆری یەکێکە لە شاعیرە سەرکەوتووەکان و توانیویەتی لە شیعرەکانیدا پەیامە پەروەردەییەکانی خۆی لە ڕووی ئایینی، نیشتیمانی، خوێندن و

ڕۆشنبیری، ڕەوشت، و وەرزشی ئاراستەی منداڵان بکات، لەم ڕێگەیەوە بتوانێت خزمەتێکی باشی پەروەردە و فێرکردن بکات.

## سەرچاوەکان

### کتێبی کوردی:


- أحمد، کیفی، (٢٠١٨)، شانۆ و شانۆی منداڵان، چ١، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئالای ڕووناکی.
- ئەحمەد، ناهیدە، (٢٠٠٥)، سەرەتایەک دەربارەی سەرهەڵدانی ئەدەبی منداڵانی کورد، چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
- ڕەؤف، لوقمان، ئەدەبی منداڵان، چ١، چاپخانەی سلێمانی، سلێمانی.
- سجادی، علائەدین، (١٩٧٨)، خۆشخوانی. چاپخانەی مەعاریف، بەغداد.
- فەرهادی، حمە ساڵح، (٢٠١٣)، پێگەی شیعری منداڵان لای شاعیرانی کورد، بەرگی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
- شوان، ئیبراهیم ئەحمەد ، (٢١٠٨)، مەڵۆیێ لە ئەدەبی منداڵانی کورد، چاپخانەی هێڤی.
- شوان، ڕەزا، (٢٠١٥)، چاوپیاخشانێک بەمێژووی ئەدەبی منداڵان، کەرکوک، چاپخانەی کارو.
- گردەسۆری، جەمال، (١٩٩٠)، کۆترەکەم، چاپخانەی فێرکردنی باڵا، هەولێر.
- گردەسۆری، جەمال، (٢٠٠١)، ئاڵا، بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری و هونەر، هەولێر.
- گردەسۆری، جەمال، (٢٠٠٨)، گوڵ بەبۆنەوە جوانە، چاپخانەی نازە، هەولێر.
- گردەسۆری جەمال، (٢٠٠٩)، جووتە پەڕەسێلکەیەکی بەختیار، چاپخانەی گۆڤار، هەولێر.
- گردەسۆری، جەمال، (٢٠١٢)، ڕاستگۆ، چاپخانەی منارە، هەولێر.
- گردەسۆری، جەمال، (٢٠١٤)، بەڵێن، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
- گردەسۆری، جەمال، (٢٠٢٠)، دیوانی پەپوولەکان، چاپخانەی ماردین، هەولێر.
- گەردی، عەزیز ، (١٩٧٤)، ئەدەب و ڕەخنە، چاپخانەی الحوادث، بەغداد.
- هەورامی، حەمە کەریم، (٢٠٠٥)، ئەدەبی منداڵانی کورد چ١، بەرگی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە. هەولێر.

**نامەی ئەکادیمی:**

- محمود، فازڵ مجید (د)، (٢٠٠٠)، شیعری منداڵان لە ئەدەبی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

**کتێبی عەرەبی:**

- ابولسعد، عبدالرؤف، (د)، (١٩٩٤)، الطفل وعالمه الادبي، دار المعارف.
- الهرفي، محمد علي، (١٩٩٦)، أدب الأطفال، دراسة نظرية تطبيقية، الطبعة الأولى، دار الاعتصام، القاهرة.
- رضوان، محمد محمود، (١٩٨٩)، أدب الأطفال مبادؤه ومقوماته الاساسية، القاهرة.

**سەرچاوەی فارسی:**

- نسب، صديقه هاشمی، (١٩٩٢)، کودکان وادبیات رسمی ایران، انتشارات صداو سیما، تهران.

**کتێبی ئینگلیزی:**

- "literature: definition" Oxford learner's Dictionaries.
- O' Toole MT,ed (2013), Mosby's Dictionary of Medicines, Nursing& Health Profession. Elsevier Health Science.

**سایتە ئینگلیزییەکان:**

- Kenneth Rexroth, definition of literature,
https://www.britannica.com/art/literature/craftsmanship.
Retrieved on: 20-6-2022.

## الملخص

## دور القيم التربوية في أعمال جمال گردەسوري

تناقش هذه الورقة دور القيم التربوية في أعمال جمال گردەسوري. في الشق النظري يركز البحث على جانبين: تعريف بعض المفاهيم والمصطلحات بما في ذلك تعريف (الأدب ، الأطفال ، أدب الأطفال). الحجة الرئيسية لهذه الدراسة هي مناقشة أهمية القيم التربوية في أعمال جمال گردەسوري للأطفال ، خاصة من حيث تعزيز الجوانب (الدينية ، القومية ، الثقافية ، الأخلاقية ، الرياضية). وأظهرت نتائج الدراسة أن أدب الأطفال له أثر كبير في توجيه الأبناء نحو الخير والأخلاق ، كما كان له دور كبير في تحسين قدرات الأطفال وتعليمهم.

**الكلمات الدالة**: أطفال ، أدب الأطفال ، شعر ، تعليم.

## Abstract:

## The role of educational values in the works of Jamal Grdasori

This paper discusses the role of educational values in the works of Jamal Grdasori. In the theoretical part, the research focuses on two aspects: the definition of some concepts and terms, including definition of (literature, children, and children's literature). The main argument of this study is to discuss the importance of educational values in Jamal Grdasori's works for children, especially in terms of integrating the (religious, national, cultural, moral, and sports) aspects. The results of this study show that children's literature has a great influence on guiding children towards goodness and morality, as have played a major role in improving children's abilities and education.

**Keywords**: Children, Children's literature, Poetry, Education.